# شەهید جەمال تاهیرم لە شۆڕشی نوێدا ناسی

پێشەکی هەزار سڵاو لە گیانی شەهیدی هاوڕێمانو هەموو شەهیدانی کوردستان دەربارەی تێکۆشەری گەلەکەمان مامۆستا (جەمال تاهیر) کە چۆن ناسیم, سەرەتاکەی زیاتر ئەگەڕێتەوە بۆ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ کە بە ڕابەرایەتی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)ە بە حوکمی ئەوەی کاری پێشمەرگایەتیمان لەدەوری سلێمانی بوو ,ڕۆژانە یان ناوبەناو پەیوەندیمان لەگەڵ رێکخستنەکانی ناو شار هەبوو, لەسەرەتای ساڵی 1978-ەوە بۆ زانینی دەنگوباس و لە هەڵسوکەوتی دوژمن, نامەمان ئاڵوگۆڕ ئەکرد وبەتەتەرەکەماندا کە خەڵکی دێهاتەکان بوون نامەمان ئەنارد...ئیتر بەحوکمی مەسئولیەت ئەمزانی هاوڕێ جەمال تاهیر مەسئولە... هەر لە نووسینەکاندا گیانی هاوخەباتی و خۆشەویستی و پیرۆز بوو لامان, زۆر بەداخم بەهۆی وێرانکردنی کوردستانو ئەوبەسەرهاتەی بەسەرخۆماندا هات زۆر شتمان لەناوچوو, ئەگەر بمانایە, ڕەنگە کۆمەڵێك نامەی مامۆستا جەمال و دەیان شەهیدی تریشی تێدا بووایە و قسەکانمان وەك حکایەتی لێ نەئەهات وبە بەڵگەوە دەرئەکەوت... مامۆستا جەمال بەڕاستی رۆڵێکی یەکجار گەورەی هەبوو لەشاردا لەگەڵ ئەو هەموو فشارو گوشارەی لەسەر تێکۆشەرەکان بوو, مامۆستا کۆڵی نەداو بەردەوام بوو لە نامەگۆڕینەوەدا, ئەوکاتە لەشارباژێر بووم دوایش کەچوومە هەرێمی قەرەداغ, هەر نامەگۆڕینەوەمان هەبوو, لەسەر بارودۆخ و رێکخستنی ئیشەکان... ئێمەش ئەگەر ئەو هەڤاڵانە نەبوونایەو زانیارییان بۆ نەناردینایە لەناوجەرگەی دوژمنەوە, تووشی زەرەری زۆر دەبووین, لەساڵانی 1978 تاکو ساڵی 1982 کە من لەشارباژێر و قەرەداغ بووم, بەردەوام بە زانیاری باش دەوڵەمەندی ئەکردین بەڕێنمایی و هەواڵی دوژمن, دیارەهەڤاڵ جەمال دووجار گیرا لەلایەن دوژمنەوە, هەردوو جارەکە لێپرسراوی شاری سلێمانی بوو, بەڵام دوژمن بچووکترین نهێنی ئەو رێکخستنەیان لێ وەرنەگرت, سەرەرای ئەوهەموو ئەشکەنجەو ئازارو هەڵواسینە وەك پاڵەوان خۆی ڕاگرت, دوژمن سوودی لێ وەرنەگرت, لەپاڵەوانەکانی ناو زیندان بوو بەشایەدیی دوژمن و بەشایەدیی هاوڕێکانی, پاش ئەوەی ڕزگاریان بوو سەروەرییەکی گەورەبوو بۆ خۆی و مامۆستا جەمالو بۆ ئەو رێکخستنەی ئیشی تیادا دەکرد, دیارە پاش کۆنفرانسی دوو, لەسەربڕیاری ناوەندی کۆمەڵەو یەکێتی, مامۆستا هاتە دەرەوە, لەناوەندی کۆمەڵەو (م.س) یەکێتی ئیشی دەکرد, بارەگای ئەو کاتە لەناوزەنگ بوو... ساڵی 1983 حکومەت پەلاماری بڵاوی دەستپێکرد بۆ سەر سنووری سەرکردایەتی و دراوسێکانیش فشاریان خستەسەرمان, دیار بوو لە بەینی ئەو زلهێزانەدا لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی, ناوەندی کۆمەڵەو ڕادیۆی یەکێتی هاتنە سنووری دۆڵی باوزێ لە (سەرشیو) بارەگایان دانا, منیش ئەو کاتە لێپرسراوی عەسکەریی مەڵبەندی دوو بووم بارەگاکەمان لەسەرگەڵوو بوو, پەلاماری دوژمن هەر بەردەوام بوو بۆ ناوچەی باوزێ و سەرشیو, بۆ ئەوەی شتەکانمان بەردەست دوژمن نەکەوێ, بەتایبەت ڕادیۆو چاپخانە, بروسکەیان بۆ کردم کە هێزێك بەرم بچم بۆ هاوکاریان و تیپەکانی پێشمەرگەی ئەو سنوورەش کە لەتیپەکانی (63)ی جوتیاران و (65)ی بلفەت و(44)ی چەکوچ و(68)ی مامەندە پێکهاتبوون سەر بەمەڵبەندی دووبوون ومن لێپرسراوی هەموویان بووم , بەهێزێکەوە لەسەرگەڵووەوە بەرێکەوتم بۆ لایان, ئەوکاتەش حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەو سنوورە بوون, شەهید عەبدولڕەحمان قاسملو (یادی بەخێر ) لەگەڵ دەفتەری سیاسیان لە بێتوش و ئەو دەوروبەرە بوون, بەلایاندا تێپەڕمکرد چووم بۆ سەرشیو, مامۆستا جەمال تاهیر و کاك ئەرسەلان بایز لەوێ بوون, کۆبوونەوەیەکمان کرد لەگەڵ مامۆستا جەمال بۆئەوەی بزانین چۆن دەستبکەین بە گواستنەوەی ڕادیۆ و پێویستییەکانی تر بروسکەمانکرد بۆ کۆمەڵایەتی مەڵبەند,

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

لەهەموو دێهاتەکانەوە هاوکاریمانبکەن, ولاخ بنێرن بۆ بارکردن و گواستنەوەی بۆ سنووری هەرێمی چوار کە ئەیکردە گەورەدێ و دەوروبەری تا سەرگەڵوو. لەم لاشەوە کۆبوونەوەمان لەگەڵ ئەو تیپانەدا کرد کە لەبەردەستماندا بوون, هێزێکی تیپی (63 جوتیاران) لە بێورانی ئێران بوو, رۆژێ پێشتر تووشی شەڕ هاتبوون, مەلا ئیبراهیم شەهید بووبوو, هەر ئەو ڕۆژە بروسکەمکرد بە ئیتیفاق لەگەڵ مامۆستا جەمال تاهیر کە ئەوان ئەو سنوورە بەجێ بهێڵن, بێنەوە بۆ سنووری سەرشیو لای خۆمان, کە هێزەکە گەیشتەوە لامان ئەو کاتە تیپەکانمان دابەشکرد, زۆربەیان لەشاخی (گردەبێناس) بوون ئێمەش لەگەڵ مامۆستالەدانانی نەخشەی کشانەوەی بارەگاکانابووین,ڕۆژی دوایی حکومەتی عیراق بە هێزێکی زۆر گەورەوە پەلاماری سنووری ناوچەکەیدا, لەشاخی گردە بێناس هێزەکانمان پێشیان لێ گرتنو شەڕێکی گەورەیان لەگەڵ کردن, دوژمنیان ڕاگرت, نەیانهێشت بێنە پێشەوە, ئەمەش لە پایزی ساڵی 1983دا بوو, من سەرپەرشتی ئەو هێزانەم ئەکرد, دەوری مامۆستا جەمال تاهیر دیارو بەرچاو بوو, ئەگەر چی لەشەڕی پێشمەرگانەدا شارەزایی نەبوو, بەڵام پیاوێکی بەهیمەتو نەترس بوو,سوودمان لە ڕێنماییەکانی وەرئەگرت, هەر لەو ڕۆژەدا تیپەکانی 63ی جوتیاران, 68ی مامەندە, 65ی بلفەت, 44ی چەکوچ و هێزەکەی لەگەڵ مندا بوون, دەوری بەرچاویان بوو, عەلی شامار-یش ئەو کاتە مەسئول بوو لە شەڕەکاندا, دەوری هەبوو, دەستکەوتێکی یەکجار زۆرمان بوو, لە ئاربیجیو ئاربیکەی و کلاشینکۆف, دابەشمکردن بەسەر هێزەکاندا کە بەشداری شەڕەکەیانکردبوو, وردە وردە بەبەرگریکردنو پاشەکشە کردن, هەرچی کەلوپەلی ئەو بارەگایانە بوو, بەهیمەتی پێشمەرگەکانو تیپەکانو دەوری مامۆستا جەمال وەك سەرکردەیەك, گواستمانەوە بۆ جێگای ئەمین, ناوچەکەمان بەجێهێشت هاتینەوە دیوی ئێران, لەگەڵ مامۆستا جەمال تاهیر شەوێك پێکەوە بووین, دوایی هەریەکەمان چووینەوە بەلای ئیشی خۆمانەوە, ئەوەی ئەمەوێت جارێکی تریش بیلێمەوە, شەهیدبوونی مامۆستا جەمال تاهیر خەسارەتێکی گەورە بوو لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو گەلەکەمان و هاوڕێکانی کەوت.

هەزار ڕەحمەت لەگۆڕی ئەو و هەموو شەهیدانی کوردستان.

مستەفا چاوڕەش

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com